مەسعود بارزانی نیگەرانی خۆی لە شڕ و توندوتیژیەی کە ئێستا لە شاری حەڵەب دەردەبڕێت



مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی رایگەیاند، ئەو بارودۆخە مەترسیدار و ئەو شڕ و توندوتیژیەی کە ئێستا لە شاری حەڵەب هەیە جگەی نیگەرانییەکی زۆرە و مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی سڤیل و هاوڵاتیانی بەتاوان دروستکردوە و هەڕەشەی پاکتاوی ئێتنیکی لێدژی کورد لەو ناوچەیەدا هەیە.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی، ئەوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، لەو پەیامەکدا وتیە"ئەو بارودۆخە مەترسیدار و ئەو شڕ و توندوتیژیەی کە ئێستا لە شاری حەلەب هەیە جگەی نیگەرانییەکی زۆرە و مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی سڤیل و هاوڵاتیانی بەتاوان دروستکردوە و هەڕەشەی پاکتاوی ئێتنیکی لێدژی کورد لەو ناوچەیەدا هەیە."

سەرۆکی پارتی وتوشیەتیە"داوا لە دەسەڵاتدارانی سوریا دەکەم ناکۆکیی سیاسی نەکرێتە ناکۆکیی نەتەوەیی و لەو کێشە و گرفتانەی لە ناوچەی حەڵەبدا هەن ئێگە نەدرێ هاوڵاتیانی کورد توشی گوشار و زەبروزەنگ و دەرکردنیان لە شوێنی باب و باپیرانیان و پاکتاوی ئێتنیکی ببنەوە."

ئەوەشی خستەڕو"هەروەها داواش لە لایەنە کوردییەکان و بە تایبەت (قسد) دەکەم ئاوڕی لە توانایاندا بێت بیکەن لەپێناو ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادان و ڕێگەگرتن لە خوێنڕشتنی زیاتر و هەردولا کار بە گرتنبەری ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان."

مەسعود بارزانی هەمای بە ئەوەش کردوە "ناکرێ بوونی ناکۆکیی سیاسی ببێتە هۆی ئاوڕی ژیانی خەڵکی سڤیل بخرێتە ژێر مەترسی و پاکتاوی ڕێگەزی لەدژی گەلی کورد ڕوبدات و ئاوڕ تاوانی دژی مرۆڤایەتییە و دەرئەنجامی مەترسیداری لەدەکەوێتەوە."

دەقی پەیامەکەی مەسعود بارزانی:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

گەلانکاریيە سیاسیەکانی سوریا دەرفەتێکی باش بو بۆ دەزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ ئاوڕی ڕێچاوی مافە ڕەواکانی گەلی کورد لە سوریا بکرێت و سەرجەم کێشەکانیش چارەسەر بکرێن. لەوپێناوەشدا لەگەڵ هەمو لایەنەکان هەوڵی زەرمان دا کە پێویستە هەرچی گرفت و ناکۆکی هەیە لەنێوان ڕێگەی دیالۆگ و بە شێوازی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن.

بەڵام ئەو بارودۆخە مەترسیدار و ئاڵۆزە و تۆندوتیژیەی کە ئێستا لە شاری حەڵەب هەیە جێگەی نیگەرانییەکی زۆرە و مەترسی لەسەر ژیانی خەڵکی سڤیل و هاوڵاتیانی بێتاوان دروستکردوە و هەڕەشەی پاکتاوی ڕێگەزی لەدژی کورد لێ ناوچەیەدا هەیە.

داوا لە دەستەڵاتدارانی سوریا دەکەم ناکۆکیی سیاسی نەکرێتە ناکۆکیی نێتەوەیی و لێ کێشە و گرفتانێی لە ناوچەی حەڵەبدا هەن ڕێگە نەدرێ هاوڵاتیانی کورد توشی گوشار و زەبروزەنگ و دەرکردنیان لە شوێنی باب و باپیرانیان و پاکتاوی ڕێگەزی ببنەوە، هەروەها داواش لە لایەنە کوردییەکان و بە تایبەت (قسد) دەکەم ئاوڕی لە توانایاندا بێت بیکەن لەپێناو ڕاگرتنی شەڕ و پێکدادان و ڕێگەگرتن لە خوێنڕشتنی زیاتر و هەردولا کار بە گرتنبەری ڕێگەی دیالۆگ و گفتوگۆ بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان. ناکرێ بوونی ناکۆکیی سیاسی ببێتە هۆی ئاوڕی ژیانی خەڵکی سڤیل بخرێتە ژێر مەترسی و پاکتاوی ڕێگەزی لەدژی گەلی کورد ڕو بدات و ئاوڕ تاوانی دژی مرۆڤایەتیە و دەرئەنجامی مەترسیداری لەدەکەوێتەوە.

مەسعود بارزانی

7ی کانونی دومی 2026